**سەردانی ماڵە شەهیدان**
**لە شاری ترۆندهایمی نۆرویژ**

ڕۆژی 10 ی خاکەلێوەی 1386 ی هەتاوی بەرامبەر بە 29 ی مارسی 2007 ی زایینی و هەر وەها ڕۆژی دواتر ئەندامانی کومیتەکەمان سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان کرد لە شاری ترۆندهایم ی نۆرویژ. ئەم سەردانە کە لە حەفتەیەک پێشتر ڕا بەرنامەی بۆ داندرابوو، گەشتی سەردانی ماڵە شەهیدان بە بەشداریی تەنیا یەک لایەنی حیزب و نوێنەری کومیتەکەمان، کاک سامڕەند، بەڕێوە چوو.

لەم گەشتە دا بەرپرسی کومیتەی ح. د. ک. کاک عەبدوڵڵا مەعڕوفی و ئەندامێکی ئەو کومیتەیە کاک عەبدوڵڵا ئەحمەدی بەشدار بوون. ڕۆژی دواتر دووبارە بە بەشداری کاک سامڕەند، کاک عەبدوڵڵا مەعڕووفی، کاک ئیبڕاهیم خنووری (ئەندامی پێکهێنەرەوە) و کاک عوسمان حەقی (ئەندامی کومیتەی ترۆندهایمی ح.د.ک) درێژە بە سەردانی ماڵە شەهیدانی ئەو شارە درا. شایانی باسە کە لە ماوەی سەردانەکە دا بە داخەوە دوو لە بنەماڵەی شەهیدەکان لە ماڵ نەبوون و نەکرا سەردانیان بکرێ.

---

All Rights Reserved 2007
http://www.chwarchra.com